Zeitonline 17. 10. 2012

# چوار شەڕ و خەونێک

**لە ئاڵمانییەوە بۆ کوردی: ڕەحیم بەهرام زادە**

کوردان بە ئاواتی دەوڵەتی خۆیانەوەن. لە نێو قەیرانی سوریا، عێڕاق و ئێراندا لەوانەیە خەونیان وەدی بێ.

هەر گەلێک شوێنێکی ئەفسانەیی هەیە. ئەو شوێنانە کێیەتی دەسازێنن و زۆر جاران بە مانای واقیعی پەناگان. بۆ کوردان وەها شوێنێک چیای قەندیلە. شوێنێکی جوان و ئاستەم لە سێ گۆشەی سنوری ئێران، عێڕاق و تورکیا. لە کاتی تەنگانەدا ئێرە جێگەی پاشەکشەی تێکۆشەرانی کورد بووە. ئەوان لێرە حەساونەوە و خۆیان بۆ گەڕێکی نوێی خەباتی بە رواڵەت بێ کۆتایی ئامادە کردۆتەوە.

بەردەوام دوژمنی فرە، بوونی هەبووە: سپای دیکتاتۆری عێراق سەدام حوسەین، سەربازەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ژێنڕالەکانی سەرۆک کۆماری تورک. هەموو ئەوانە گەرەکیان بوو تێکۆشەرانی کورد لە قەندیل بنەبڕ بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش سەرباز، فڕۆکەی بۆمبهاوێژ و گۆللە تۆپیان بەکارهێناوە. ئەو ناوچەیە تا ئەورۆ بە دەست پارتیزانە کوردەکانەوەیە. ئەو جوولانەوانە پێشکەوتووخواز نەبوون، هەر چەندە ئەوان گەرەکیانە وایان چاو لێبکرێ. لە رابردوودا زێتر لە پێویست لە شەڕی براکوژیدا یەکتریان شڕ کردووە. بەڵام ئەوە ئەو راستییە ناگۆڕێ کە قەندیل بووەتە سیمبولی گەلێکی چیڕی بێ وڵات.

لەو ناوچەیە هەموو شت کەوتۆتە لەرزین. سوریا لێکدەترازێ، عێڕاق بە کردەوە دابەش بووە و ئێران کەوتووتە بەر گەمارۆی توند و ئەشێ حیساب لەسەر هێرشی ئیسڕائیل و ئەمریکا بکا. ئەو سنوورانەی لە ساڵانی 1919 ەوە سەقامگیر بوون، دەکرێ هەڵوەشێنەوە. بەشە پاژڵی کوردی کە دەیان ساڵ بوو بە لەشی دەوڵەتانی سوریا، تورکیا عێڕاق و ئێرانەوە لکێندرابوو لە شل بووندایە و خەریکە دەجوولێ. ئەوان دەتوانن یەکبگرنەوە و ببنە وڵاتێکی یەکگرتووی کوردی. ئەوەش هاوکات ئاواتی هەرە لەمێژینەی هەموو کوردێک و کابووسی ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان تێدایە. بەتایبەت تورکیا بە بیست میلیۆن کوردەوە.

لە قەندیل ئێستا ئاڵای پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەر تەپکێکی، کە لە دوورەوە دیارە دەشەکێتەوە. سەرۆکی ئەو پارتە ساڵی 1999 لە لایەن دادگایەکی تورکیاوە بە زیندانی هەمیشەیی مەحکوم کراوە. ئۆجەلان بەدرێژایی چەندین ساڵ دوژمنی ژمارە یەکی دەوڵەتی تورکیا بوو. لەسەر ڕێگای بەرەو چیا وێنەی ئۆجالان دەبینڕێ و وێدەچێ رەنگەکەی فرە تازە بێ. ئەوە دەمەلارکێ کردن بە تورکانە: ئێوە لە بەندیخانەی بهاوێژن؛ ئەوهەر سەرۆکی ئێمەیە! چەکدارێکی کێشکچی کاغەزەکانمان کۆنتڕۆڵ دەکا، نێوەکان و ژمارەی ئۆتۆمبیل یادداشت دەکا. شێوەی کاری ئەوندە وردە دەڵێی فەرمانبەری سنوورە. لە داوێنی چیایەکی بەرز شێرزاد کانانجاک لە حەشارگەیەکدا، لە کاتێکدا زیاتر لە دە کەس ژن و پیاوی شەڕەوان بە دەورمانەوە وەستاون، پێشوازیمان لێدەکا. لە دوورەوە رەگباری تۆپخانەی ئێران لەوبەری سنوورەوە دەبیسرێ و وەک هەور بەسەر قەندیلدا دەگرمینی. کانانجاک لە جێی خۆی نابزوێت و تەنیا چەند جار چەنەگەی دەجوولێنی. ئەو کوردێکی ئێرانییە و فەرماندەی پارتی ژیانەوەی کوردستان (پژاک) ە- یەکێ لە لکەکانی پ. ک. ک.

کانانجاک دەبێژی لەو کاتەوە قوتابی زانکۆ بووە بۆ مافی ئۆتۆنۆمی 12 میلیۆن کوردی ئێران خەبات دەکا. ئەو بە روونی دەڵێ ئۆتۆنۆمی و باسی دابڕان ناکا. بەڵام ئەو چەشنە گوتانە لەو رۆژانەدا زۆر جیدی نین. کانانجاک کوردێکی ئێرانییە و بە رواڵەت باسی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی خۆی لە ئێران دەکا، بەڵام ئەویش بە لەبەر چاوگرتنی ئەو سنوورانەی خەریکی لێکترازانن، خەریکی دامەزرانی دەوڵەتی کوردییە. قەندیل بەردێکی گچکەیە لە بینای ئاڵۆزی خانوویەکدا، کە تەنیا چوارچێوەکەی دیاری کراوە. قەندیل لە قامووسی پ. ک. ک. دا ناوچەیەکی ئازادکراوە.

لەو کاتەوە راپەڕین لە سوریا دەستی پێکردووە و سەرۆکی سوریا پرێزیدێت بەشار ئەلئەسەدیش بە هەموو شێوە و کەرەسەیەک گەرەکیە دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، ناوچەی وەها فراوانتر دەبێ. ئەسەد هێزەکانی لە باکوری سوریا کێشاوەتەوە. یەکەم لەبەر ناچاری؛ ئەو هێزانەی لە شوێنەکانی دیکە پێویستە. دووهەم کشانەوەی حیسابگەرانە بوو. کاتێ سەبازەکانی ئەسەد کشانەوە شەڕەوانانی پارتی دێمۆکراتی یەکگرتوو (PYD) کە ئەویش وەک پژاک لکێکی (پ. ک. ک.) یە، کۆنتڕۆڵیان بەدەستەوە گرت. پ. ک. ک. دەمێکەیە پیوەندی نزیکی لەگەڵ رژێمی سوریا هەیە. لە دەیان ساڵ

شەڕی رزگاریخوازیدا کوردەکان ئەونده لە هەڵبژاردنی هاوپەیمانانیدا دوو دڵ نەبوون. دروشمی پ. ک. ک. ئەوەیە: دوژمنی دوژنەکەم دۆستمە. سالیانی ساڵ سەرۆکی پ. ک. ک. ئۆجەلان لە سوریا حاوابووەوە. ئەو کات حافز ئەسەد باوکی بەشار دەیپاراست. کاتێ ساڵی 1998 تورکیا هەڕەشەی شەڕی لە سوریا کرد، ئۆجەلانیان لە وڵاتەکەیان دەرکرد. ئەمڕۆکەش PYD کارەکانی ئەسەد بەڕێوە دەبا. پاش کشانەوەی هیزەکانی ئەسەد ئەو پارتە نەیهێشتووە سەربازەکانی سپای رزگاری سوریا جێی پێی خۆیان بکەنەوە. ئەسەد »کوردە ئازدکراوەکانی« سوریا بۆ هەڕەشەیەک دژی نەیاری  زۆر توندی خۆی تەیپ ئەردوغان بەکاردێنێت. »بڕوانە چی روو ئەدا ئەگەر من لەسەر کار لاچم: کوردستانی سەربەخۆ!« ئەو پەیامەی بە زمان ناگوترێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر روونە و ئەردوغان لێی تێدەگا. ئەویش بە هەڕەشە وڵام دەداتەوە. ئەو بەری سازبوونی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لە سوریا بە سپا دەگرێ. لە باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا تێکهەڵچوون لە نێوان سپای تورکیا و پارتیزانەکانی زۆر بووە. ئەوان ئەوەندە خۆ بە خاوەن هێز دەزانن کە بکەونە حاڵەتی هێرشبەرانەوە.

لەو دڕامایەی ناوچەکەی داگرتووە، یاریکەرێکی نوێ هاتووتە مەیدان، کە زۆر لاوە، بەڵام قورساییەکی زۆری هەیە. مەبەست هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستانە لە عێڕاق. سەفەرمان لە قەندیلەوە و لای فەرماندە کانانجاک تا هەولێر تەنیا چەند سەعاتێکە. قەندیل رەق و تەقە، تەمرینی سەختی سپایی لێدەکرێ تارمایی شەڕی پارتیزانی پێوەدیارە، دیواری حەشارگەی شەڕەوانان بە وێنەی کوژراوەکانیان رازاوەتەوە. بە پێچەوانەوە شەقامەکانی هەولێر پڕن لە ژیان و تامەزرۆیی بۆ کاڵای نوێ. ترۆمبێلی پان و پۆڕ لە شەقامەکان بە پەنای خانووی شیک و ئاوەداندا دەڕۆن. لە هەموو شوێنێ خەریکی بینا سازکردنن. بەر لە بیست ساڵ دانیشتووانی هەولێر دەبوو لە ترسی راونانی سەدام لە چیاکان برسی و سەرمابردوو خۆ بشارنەوە، ئێستا ئەگەر بۆیان بکرێ  بۆ شۆپینگ دەچنە "فامیلی مۆڵ" و چاو لە فیلمی هۆلیوود دەکەن، یان لە میدانی پاتیناژ دەورێک دەخولێنەوە. داهاتی سەرچاوە نەوتییەکان خەزێنەی کوردستان و گیرفانی خەڵکەکەی پڕ کردووە. هەولێر باژێڕی گەشەکردن و نموونەیە. کام کوردی سوریا، ئێران و تورکیا ناخوازێ وەک برا و خوشکەکانی لە باکوری عێڕاق دوور لە هەژاری و راونان بژی؟ ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمە لە کڵی شەڕی ئەمریکا دژی سەدام  هاتووەتە دەر و ئەمڕۆ بەشێکە لە کۆماری فیدڕاڵی عێڕاق و  زۆر لە بیرۆکەی وڵاتێکی هێمن و سەربەخۆی کوردستان نزیکە. سەیر ئەوەیە کوردەکان، کە وەک سەرچاوەی ناسەقامگیری چاویان لێدەکرا، لە ناوەچەیەکی پڕ لە قەیران دورگەیەکی هێمنییان بۆ خۆیان ساز کردووە. لێرە نەک هەر تێر و تەسەلی بەڵکوو هێمنی، سەقامگیری و ئاسایشیش هەیە. دوایین هێرشی لەوێ کرا ساڵی 2005 بوو. وەها شوێنێک ئاسۆیەکی سیاسی و ئابوری نوێیان بۆ دەکاتەوە. کوردستان بووەتە پردەبازی کۆمەڵگای بازرگانی؛ بە پێی ئاگاداری دەوڵەتی کوردی پتر لە هەزار کۆمپانیای تورکی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کار دەکەن. ئەوەش فرە گرنگە. تورکەکان زیاتر لە هەموان بە بەدگومانییەوە دەڕواننە باکوری عێڕاق.

ئەو سەرکەوتنە بەرهەمی سیاسەتی ژیرانە و هەڵکەوتێکی مێژووییە. هەر دوو سەرکردەی سەرەکی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بە لێبڕاوییەوە کەڵکیان لەو هەلە وەرگرت کە ساڵی 2003 پاش رووخانی سەدام حوسەین پێکهات. ئەوان لە ساڵانی نەوەدی سەدەی رابردوودا لەگەڵ یەک بەشەڕ دەهاتن. ئەوڕۆ دەسەڵاتیان بە هاودەنگی لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە. تاڵەبانی، لە بەغدا، پارێزگاری لە بەرژەوەندی گەلی خۆی دەکا. ئەو شوێنەی سوننە و شیعەی دوژمنی یەکتر ئەوی کوردییان کردووەتە سەرکۆمار. بارزانی سەرۆکی کوردستانە. هەر دوو لا تێگەیون، کە تەنیا یەکبوون خزمەتی ئەرکی کورد دەکا. ئەو ئەرکەش چییە؟ روونە: <u>پێکهێنانی وڵاتێکی کوردی.</u> پرسیار تەنیا ئەوەیە: لە چوارچێوەی کام سنووردا؟

حکومەتی هەولێر دەزانێ ئەو خەونە کوردییە چ مچوڕکێکی سارد بە لەشی وڵاتانی دراوسێدا دێنێت. »ئێمە واقیع بینین«، ئەوە وتەی فوئاد حوسەین سەرۆکی دیوانی سەرکردایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانە. »ئێمە دەزانین لە کوێ دەژین و لە دەوروبەرمان چ باسە» ئێمە هیچ هەنگاوێکی بەپەلە هەڵناهێنینەوە و کەس لە خۆمان هەڵنابەزێنینەوە، بەڵام بێ سەرلێشواوی و بە لێبڕاوییەوە بەرەو پێش دەچین. ئەوە سیاسەتی کوردستانە و ئەو سیاسەتەش بەری هێناوە.

کاتێ ئەو باسی یاسای سەرمایەنانەوەی لیبڕاڵ، کە لەم دووابیانەدا دەریانکردووە، دەکا و لە باشترین هەل بۆ بیزنیس دەدوێ و کوردستان وەک شەریکێکی دەناسێنی، بەر لە هەموو کەس روو لە ئانکارا دەکا. کوردستانی عێڕاق دەبێ ببێتە دابینکەرێکی جێی متمانەی کانزا خاوەکان بۆ ئابوری تورکیا. ئانکارا تا ئێستا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دان و سانی کردووە. بەوەش گەرەکیە ببێژێ: کوردستان بۆ ئێمە بەشێکە لە عێڕاق. بەڵام ئەو هەڵوێستە نەرمتر بووە. لە

تورکیدا لۆبی بەهێز ساز بووە و ئاماژە بە قازانجی پێوەندی ئابوری لەتەک هەولێر دەکا. هەر نەبێ کورستان دەتوانێ گاز و نەوتی تورکیا دابین بکا. تا ئێستا هەموو ئەو نەوت و گازەی لە عێراقەوە بۆ تورکیا دەچوو، لە بەغداوە هیدایەت و کۆنترۆڵ دەکرا. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستە گەرەکییە هێڵی بۆریی خۆی ساز بکا. تورکەکان پاش دوودڵییەکی دور و درێژ، بڕیاریان دا لەو پڕۆژەیەدا بەشدار بن.

لێکهەڵوەشانەوەی سوریا وای لە تورکیا کردووە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بە لایەنی سیاسی بزانێ. شەڕی بەردەوام لە باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا و سازبوونی ناوچەی ئازادی کوردی لە سوریا رەجەب تەیب ئەردوغانی ناچار کردووە هەست بە پێویستی لایەنێک بکا، کە تەئسیر لەسەر پ. ک. ک. دابنێ. ئەو لەسەر هەولێر حیساب دەکا. ئەردوغان سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی بۆ بەشداری لە کۆنگرەکەیدا بانگهێشتن کردبوو. دیارە ئەو بەدڵ ئەو کارە ناکا، بەڵام بارزانی ئەوندەی  پ. ک. ک. خراپ نییە!

ئایا بارزانی دەتوانێ تەئسیر بنێتە سەر پ. ک. ک.؟ داهاتوو نیشانی دەدا. ئێستا پ. ک. ک. دەسەڵاتی زۆرە و دەکارێ حیساب بۆ پشتیوانی دیمەشق بکاتەوە. بەلام ناکرێ هەولێریش لەبەر چاو نەگیرێت. بارزانی و تاڵەبانی دەتوانن ببنە چەشنێک فریشتەی پارێزەری دوو میلیۆن کورد لە سوریای پاش ئەسەددا. ئەوەش بەردێکی دیکە لە پازلی کوردستانی گەورەدا.

بارزانی و تاڵەبانی باش دەزانن گروپی سەرهەڵداوان بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بهێنن. جگە لە پ. ک. ک. و PYD رێکخراوی دیکەش هەن، کە بۆ ئازادی کوردان خەبات دەکەن. ئەوان لە پ. ک. ک. لاوازترن و بە لوتفی بارزانییەوە بەستراونەوە. دوو لەو گرووپانە لە »وڵاتی« بارزانی مەقەڕیان کردووەتەوە: حزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ئێران و کۆمەڵە. کۆمەڵە رێکخراوێکی مارکسیست لێنینیست بوو، کە ئێستا رووی لە سۆسیال دێمۆکڕاسی کردووە. هەر دوو رێکخراو دەیان ساڵە دژی رژێمی تاران خەبات دەکەن، بەڵام سەرکەوتنی پ. ک. ک. ئەوانی وەلا ناوە. ئێستە کاری نیزامی ناکەن بەڵام هە ردوو لا هێزی نیزامی رادێنن و خۆیان ئامادە دەکەن بچنەوە ئێران. جێی راهێنانی ئەوان لە سنور دوورە، ئەو شوێنەی ئێستا مێژوو لەوێ دەقەومێ. بەڵام لەوانەیە زەمانی ئەوانیش بێ. واتە ئەو کاتەی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل دەستی پێبکا. بارزانی و تاڵەبانی چەند مۆرەیەکیان لەو مەیدانەدا هەیە و لەوانەیە پازڵی کوردی یەکبگرێتەوە.